# ئەلبیرتۆ مۆرافیا:

## من دەژیم بۆ ئەوەی بزانم بۆچی دەژیم، دەنووسم بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بزانم بۆچی دەنووسم

باران

لەئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح



نوسەری ئیتالی، ئەلبێرتۆ مۆرافیا ١٩٠٧ لە ڕۆما لەدایکبووەو ساڵی ١٩٩٠ لە ئێبێندا کۆچی دوایی کردووە. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا تووشی نەخۆشی سیلی ئێسك بووە و ساڵەکانی نێوان ١٩١٦ و ١٩٢٥ی بەزۆری لە بوژانگە و نەخۆشخانەکاندا بەسەربردووە. لەو ساڵانەدا زۆری خوێندووەتەوە. کارەکانی جاکۆمۆ لیۆپاردی، کارلۆ گۆلدۆنی، ڕامبۆ، شەیکسپیر، دیکنس، دۆستۆیفسکی. ساڵی ١٩٢٥، لەپاش جێهێشتنی دواهەمین بوژانگە دەستیکردووە بە نوسینی یەکەم ڕۆمانی لەژێر ناونیشانی (بێباکەکان). بابەتی دەسەلاتی سێکس و پارە لێرەدا وەك بنچینەی سەرەکی بۆ ڕۆمانەکانی دواتریشی بەروونی بەرچاوەدەکەون. بێگاکی کاراکتێرە سەرەکیەکانی، تۆن و فەزای ڕۆمانەکە دیاری دەکەن. ئەو ڕۆمانە، کە مۆرافیا ساڵی ١٩٢٩ لەسەر ئەرکی خۆی چاپیکردووە، یەکێك بووە لە یەکەمین ڕۆمانە بوونگەراییەکان. جگە لە ڕۆمان و کورتەچیرۆك و سەفەرنامە، ماوەیەکی زۆر وەك ڕۆژنامەنووس کاری کردووە. وەك پەیامنێری چەند ڕۆژنامیەکەی ئیتالی، گەشتی بۆ پۆڵەنیا و کۆماری چین و مەکسیك و ئەمەریکا کردووە. لە زەمەنی دەسەلاتی مۆسوولینیدا نوسینی لێ قەدەغە کراوە، لەپاش داگیرکردنی ڕۆما لەلایەن ئەڵمانیاوە ساڵی ١٩٤٣، ژیانی کەوتووەتە مەترسییەوە و بەرەو شاخەکانی چۆچاریا هەڵهاتووە. لەوێ سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانی داهاتووی بووە، هەتا جەنگ کۆتایی هاتووە. ئەمە تەنها کورتەیەکی چکۆلانەیە لەژیانی ئەم نوسەرە، چوونە ناو وردەکاریی ناو ژیان و کارەکانییەوە لێرەدا بێمانایە. هێندەی ئاگادارم یەکێك لە ڕۆمانە هەرە بەناوبانگەکانی لەلایەن کارزان عەلییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ئەندێشە بە چاپی گەیاندووە.

### * ئێوە جارێک بە مۆرالیستێکی بێ مۆرال ناوزەند کراون. ئایا هیچ بنەمایەک هەیە ڕێچکەی ژیانی ئێوە دیاریبکات؟

-بەڵێ، من کەسێکی بێ پرینسیپ نیم. خاوەنی پرنسیپم، چونکە کەسێکی زۆر پڕ لە حەسرەتم. بۆ نمونە هەرگیز لەبارمدا نییە مرۆڤێک بکوژم، ئەگەرچی هەندێکجار ئارەزووم لە کوشتنی کەسێکی دیاریکراو هەیە. گەر بخرێمە بەر بڕیار لەنێوان کوشتن و کوژران، ئەوا کوژران هەڵدەبژێرم. ژیانی خۆمم، هەرگیز هێندە لەلا گرنگ نەبووە، تاوەکو مرۆڤێکی دیکە لەپێناویدا بکەم بە قوربانی، هەروەها ڕقم لە کوشتنی ئاژەڵیشە. من لەدژی ڕاوم، بۆیە هێمینگوای لەلای من هێند مایەی قێز بووە. من بە ئەفریقا ئاشنام، پانزە جار سەردانی ئەوێم کردووە، بەڵام بۆ یەک تاقە جاریش چییە بەشداریم لە زافارییەکدا نەکردووە. تەنانەت مێشیش ناکوژم.

### *ئەی ڕق؟

- من بە ڕق و کینە ئاشنام. ڕق وەک بۆنێکی ناخۆش وایە. هیچ شتێک لەو بێزارکەرتر نییە. زۆر جار هەیە بیر لە قەتل دەکەمەوە، بەڵام پێم باشترە بینووسم وەک لەوەی بیکەم بە کردار. لە کتێبەکانی مندا کوشتن و بڕین زۆرن. نوسین میتۆدێکی باشە بۆ دوورکەوتنەوە لە کوشتن لە ژیانی ڕاستەقینەدا: هەر بۆیەش نوسەران بە زۆری خەڵکانێکن لە ناخەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوسەنگن. دەتوانم بیخەمە پێش چاوی خۆم، کە ڕەنگە بۆ پیاوێک شتێکی شادیبەخشتر بێت بچێتە مەیدانی جەنگ و بجەنگێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە بەبێ کوشتن و بڕین ناچێتە سەر.

### *خەیاڵی خودکوژیتان هەیە؟

-بەڵێ، زۆر جار. ئەو جۆرە خەیاڵانە سەر بە ڕۆژگارن. بەڕای من هەموو مرۆڤێک لانی کەم جارێک لە ڕۆژێکدا بیر لە کوژاندنەوەی ژیانی خۆی دەکاتەوە. بیری لێ دەکەمەوە، بەس نایکەم. گرنگ نییە مرۆڤ بژی، بەڵام گرنگیش نییە بمرێت. بە مانایەکی دڵنیا و سەد دەر سەد هیچ شتێک بۆ

من گرنگ نییە، بێگومان ئەوە گرنگە کە مرۆڤ بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆشاییەکانی زەمەن پڕبکاتەوە. دەبێت خۆی سەرقاڵبکات. هەندێک جار وا بیردەکەمەوە، کە من دەژیم بۆئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بزانم بۆچی دەژیم، و دەنووسم بۆئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بزانم بۆچی دەنووسم، بەڵام هێشتا نەچوومەتە بنجوبناوانییەوە.

*کاتێک کتێبی (desideria) تان بڵاوبووەوە، وتتان چیدیکە نانووسم.

- وام وت، چونکە ماندوو بووم. بۆ نوسینی ئەو کتێبە هەشت ساڵی ڕەبەقم پێچوو. هێند ماندوو بووم، هێند بێزار. چیدیکە ئارەزووم نەمابوو. بەڵام ئێستا دەستم بە کار کردووەتەوە. کتێبێک سەبارەت بە خودکوژی دەنووسم.

*حیکایەتێک لە ژیانی ئێوەوە؟

- نەخێر، گەر وا بووایە ئێستا مردبووم.

*ئێوە لە چاوپێکەوتنێکدا وتتان، هیچ ئەزموونێک لە ژیاندا هێندەی مەرگ وەچەرخان دروستناکات.

-بەڵێ، چونکە ئەزموونێکی هەڵەم لەسەر مەرگ هەبوو، واتا سەهوویەک بوو و بەس. پێیان وتم، دەبێت نەشتەرگەریی بکرێم، گوایە تارماییەک لەناو گەدەمدا بەدیدەکرێت، دەشێت شێرپەنجە بێت. ئەوە سەرەتای حیکایەتێکی سەیروسەمەر بوو، چونکە کاتێک مرۆڤ بڕیاردەدات ڕێگابدات لاشەی هەڵبپچڕن و بۆ ئەوەش پێویستی بە دکتۆرێکی نەشتەرگەرییە، ئەوا هەڵبەت دەڕوات بۆ لای باشترین دکتۆر کە پێی هەڵدەسوورێت، پاشان ئەویش دەڵێت ژنەکەی خیانەتی لێ دەکات و لە خەفەتدا ناتوانێت دەستی ئارام ڕابگرێت. کەوابێت منیش بۆ خۆلادان لەهەر ڕیسکێک چووم بۆلای دکتۆرێکی زۆر بەناوبانگ کە دەیویست دەستبەجێ نەشتەرگەرییەکەم بۆ بکاتم، بەڵام تکای لێ کردم لە هۆڵی چاوەڕوانی دانەنیشم، چونکە دەرکەوتنم هەراوزەنا دەنێتەوە. دکتۆرەکە بەڵێنیدا گەرماوگەرم بمکاتە ژووری، بەڵام کە



**ئەلبێرتۆ مۆرافیا**

**من بە ڕق و کینە ئاشنام. ڕق وەك بۆنێکی ناخۆش وایە. هیچ شتێك لەو بێزارکەرتر نییە. زۆر جار هەیە بیر لە قەتل دەکەمەوە. بەڵام پێم باشترە بینووسم وەك لەوەی بیکەم بە کردار. لە کتێبەکانی مندا کوشتن و بڕین زۆرن. نوسین میتۆدێکی باشە بۆ دوورکەوتنەوە لە کوشتن لە ژیانی ڕاستەقینەدا: هەر بۆیەش نوسەران بە زۆری خەڵکانێکن لە ناخەوە بە جۆرێك**

ڕۆیشتم بۆئەوێ، ساڵۆنەکە پڕ بوو لە نەخۆش. ئیدی چووم بۆلای دکتۆرێکی دیکە. ئەوە ڕزگاریکردم، چونکە ئەویان کەمێک خوێنی لەژێر نینۆکم گرت و وتی، پێویست بە نەشتەرگەریی ناکات. من بە حسابی خۆم لە سەرەمەرگدا بووم، بەڵام هیچی دیکە نەبوو جگە لە هەڵەیەک.

***لە مردن دەترسان؟**

- نەخێر بە خەیاڵمدا نەدەهات. ژیانم هێندەی ئەوە خۆشناوێت لە مردن بترسم. من هێندە ڕووبەڕووی مەرگ بوومەتەوە. ڕاهاتووم لەسەری. دوو ساڵ لەمەوبەر نەشتەرگەرییەکی حەوز کرام وەخت بوو بمکوژێت. چیدیکە ترسم نەماوە. بیرکردنەوە لە مەرگ لە ژیانی مندا گرنگییەکی گەورەی نییە. مەرگ غیابی ژیانە و بەس! من هێندە خۆم بەو فکرەوە سەرقاڵ ناکەم. گەر مرۆڤ عاشقی ژیان بێت، ئەوا لە مەرگ دەترسێت. بەڵام گەر مرۆڤ هێندەی خۆی لێ زیاد بێت، هێندەی من هەر لە منداڵیمەوە، ئەوا پێشوازی لە مەرگ دەکەیت. ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی کالکوتام کرد و لەوێ لەگەڵ دایە تێرێزادا قسەم کرد کە تازە نۆبڵی ئاشتی وەرگرتبوو. ئەو لەوێ جۆرێک لە نەخۆشخانەی هەیە خەڵکانێک تیای دەنوون تاوەکو کۆتاییەکی ئارام بنۆشن. لەسەر خامەیێکی پاک پاڵدەکەوێنرێن و مەرگێکی تەواو بەختەوەرانە دەمرن. ئەوان ئەسڵەن لە مەرگ ناترسن. خۆشحاڵن بە ئەو کۆتاییە.

***ئێوە دەتانەوێت خۆتان بەو نەخۆشانەی ناو سەرەمەرگ بەراورد بکەن؟**

-منیش کە نەخۆش بووم هەمان هەستم هەبوو، چونکە ئازارەکانم جەرگبڕ بوون. بە مردن خۆشحاڵ دەبووم. جارێک لەگەڵ پاسۆلینی لە تانسانیا بووم، لە فڕۆکەیەکی بچکۆلەدا دانیشتبووین، فڕۆکەکە بە خێراییەکی هێند زۆر ڕووەو زەوی دەڕۆیشت بە چەشنێک کە لە توانایدا نەبوو بنیشێتەوە. فڕۆکەوانەکە هێڵێکی کەوانی دیکە فڕی تاوەکو هەوڵێکی دیکەی نیشتنەوە بدات بەڵام گردێک قوت بووەوە و بینیم چۆن بەرەو پیرمان دێت و ئیدی وتم، ئەمە کۆتاییەکەیە. بەڵام هەستم بە هیچ نەدەکرد. مانگا و درەختم دەبینی و بە خۆمم دەگوت، لە چرکەی داهاتوودا ئەو درەخت و مانگایانە دەکوژێنەوە. بۆ من مەرگ هەگیز تراوما نەبووە. مەرگی ئاژەڵم بینیووە. بە خۆم دەڵێم، با یەکێک وەک ئاژەڵ بمرێت. ئاژەڵ بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێت. سەگ دەچێتە ژێر سیسەمێکەوە و دەمرێت. دەزانم ئێمە مرۆڤین بەڵام تەنها لە سەدا پێنج، ڕەنگە کەمتریش. باقییەکەی دیکەی ئاژەڵە. ئاژەڵەکان دروست دەژین و دروست دەمرن. سەگ سێ شت لەژیانیدا



**ئەلبێرتۆ مۆرافیا**

دەكات: ڕاو و یاری و خەو دەكات. مرۆڤیش هەمان شت دەكات. یاری واتا نوسین یاخود وێنەكێشان یاخود خۆشویستنی ژنێک، ڕاو واتا كاركردن و پارە پەیدا كردن، خەویش یەعنی خەو. هیچ جیاوازییەكی نییە. هێندە هەیە: ئاژەڵەكان لە مرۆڤەكان زیاتر یاری دەكەن.

**كیركەگراد دەڵێت، جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ داد و بێدادییە. ئاژەڵ هەرگیز ئەو دۆخە ناژی.**

**مۆرافیا:** من كیركەرگراد دەناسم. هەموو كارەكانیم خوێندووەتەوە و لەگەڵیدا تەواو هاوكۆكم. دۆخی ئاسایی مرۆڤ یەكسانە بە دڵەڕاوكێ. لە بنەڕەتدا مرۆڤ دەبێت هەمیشە لە دڵەڕاوكێدا بێت. بەڵام خۆشبەختانە لە سەدا نەوەد و پێنج ئاژەڵە. ئەوە فریادڕەسی ئەوە. ئەگەرنا تیادەچوو ئەگەرنا مرۆڤایەتی لە دادوبێدادیدا خۆی دەكوشت. من نامەوێت بڵێم بۆ من قەیدی هەیە گەر مرۆڤ بوونی نەمێنێت. هێندە هەیە: ئەم جیهانە جیهانێكی بێ مرۆڤ دەبوو.

**ئێوە كەسێكی باوەڕدارن؟**

**مۆرافیا:** من باوەڕدارم و هەمانكات بێ خودا، تێدەگەن؟ من پێویستم بە خودا نییە تاوەكو باوەڕدار بم.

***منداڵتان هەیە؟**

- نەخێر.

***بۆچی نا؟**

-هیچ هۆكارێكی نییە، مەگەر ئەوەی كە من پێم وایە بۆ هونەرمەند منداڵ پێویست نییە. هونەرمەند لەوەدا كە دەیكات بەشی خۆی، خۆی دەردەبڕێت. منداڵ دەربڕینی كەسایەتییە هەروەک نوسین و وێنەكێشان. بەڵام ئێوە بۆچی دەپرسن؟ من منداڵم خۆشدەوێت. گەلێک حیكایەتم لەسەر منداڵ نووسیووە.

***ئاگادار بوون منداڵ دروست نەكەن؟**

- ئاگاداری هیچ شتێكم نەكردووە. یەكەم ژنم، ئێلسا مۆرانتێ، نوسەرە و لەكاتێكدا سەرقاڵی نوسین بوو منداڵی نەدەویست. ژنی دووهەمم، داچیا مارایینی، بیست و نۆ ساڵ لە من گەنجترە و ئەویش منداڵی ناوێت.

***حەزتان دەكرد گەنجتر بوونایە؟**

- هێندە هەست بە پیری ناكەم. دكتۆرەكەم پێم دەڵێت، من تەمەنم بیست ساڵ لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆم كەمترە. كەوابێت گەر مەسەلە زیندوویی بێت، من هێشتا بیست و نۆ ساڵم. دوو نیشانەی پیری بوونیان هەیە: یەكەم، پیاو ئارەزووی سێكسی نامێنێت، دووهەم، چەند شتێكی دیاریكراو لە تواناتدا نامێنن، ئەگەر چی بشتەوێت. پیر بوون واتا لە پیاوەتی كەوتن لە هەموو ڕوویەكەوە. من هێشتا لە پیاوەتی نەكەوتووم. ئەمڕۆ هەمان ئەو شتانە دەكەم كە پەنجا ساڵ دەبێت دەیانكەم.

***ئێوە لەوە دەترسن توانای سێكستان نەمێنێت؟**

- نەخێر، ئەسڵەن ناترسم. بێگومان سێكس شتێكی خۆشە بەڵام دواجار گەر مرۆڤ پیر بوو سێكسیش هێندەی بۆ منداڵێک بێ فەڕ دەبێت. منداڵ ئەندامی خۆی بۆ میز كردن بەكاردەهێنێت، ئەگەر نا ئەو شتەی خۆی تەواو پێ زیادەیە. من سەرەتا بە نۆ ساڵی سێكس سەرنجی ڕاكێشام.

***بەڵام خۆ ئەوە زۆر زووە.**

-ئەوە دەكەوێتە سەر كەش و هەوا. من باشووریم. كوڕیژە چكۆلانەكانی ئیتاڵیا زۆر زوو دەستپێدەكەم. دەتانەوێت لەسەر سێكس شتێكتان بۆ بگێڕمەوە؟ ئاوهایە: بە پێنج یاخود شەش ساڵی كوڕێژگە یاخود كچی چكۆلانە پەی بە ڕەگەزی خۆی دەبات، بەڵام بەتەواوەتی مەسەلەكە لە تەمەنی دە یاخود یانزە ساڵیدا دەستپێدەكات، هەندێكجار درەنگتریش.

***چی جۆرە سێكسێک لە تەمەنی نۆ ساڵیدا دەكرێت؟**

-باشە، من نۆ ساڵ نەبووم، یانزە بووم. كچێک هەبوو ناسیاوی دایكم بوو، سەردانی دەكردین. تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو.

*چیتان لەگەڵدا کردووە؟

-هیچم نەکردووە. تەنها حەزم لێ کردبوو.

دەسپەڕتان دەکرد؟

- لەوانەیە. ئەوەم لەیاد نەماوە ... سەرەتا بە حەڤدە ساڵی بەڕاستی لەگەڵ کچدا خەوتووم. دەبینن، من کەسێکی هێندە شاز نیم. مرۆڤێک نیم زۆر ئالوودەی سێکس بم. لە ژیانمدا عاشقی چەند ژنێک بووم، کاتێک منداڵ بووم، بەڵام ئەوە هەمووی پلاتۆنییانە بوو.

*دایکتان خۆشدەویێت؟

- دایکی من ژنێکی زۆر سادە بوو. نەخێر، خۆشمنەدەویست. کەسێک بوو کاراکتەری زۆر و عەقڵی کەم بوو. هەڵبەت دایکێکی باش بوو، بەڵام لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە تەواو دەستبەتاڵ بوو. مرۆڤ دەتوانێت هاوڕێکانی خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام دایک و باوکی خۆی نا. باوکم ئەندازیاری بیناسازی بوو. پێم وایە دایک و باوکم خەڵکانێکی تەواو ئاسایی بوون. تاکە ئەندامی نائاسایی خێزانەکەم، من بووم، چونکە کەسێکی زۆر هەستیار بووم. هەر زۆر زوو دۆستۆیفسکیم خوێندەوە و بە هەشت ساڵی دەستم دایە نوسین، سەرەتا شیعر، شیعری زۆر خراپ. دایکم دەیویست ڕێچکی پیشەی دیپلۆماتی بگرمە بەر. هەر بۆیە مامۆستای تایبەتی هەموو وانەکانم هەبوو، ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەڕەنسی. بەڵام هەر ئەوکات دەمویست ببم بە نوسەر.

**کاراکتێری ناو ڕۆمانی (من و ئەو) پشتان دەیەویت ببێت بە هونەرمەند بەڵام ئەندامی هەمیشە سەری ڕێگای لێ گرتووە.**

**مۆرافیا:** ئەو حیکایەتە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. بزوێنەری سێکسی من هەرگیز هێندە بەهێز نەبووە. من وەک حیکایەتخوان لەدایکبووم. ناچار نەبوو هیچ شتێک لە خۆمدا تەشەنە پێ بدەم. پێم وایە، ئەوەی کە فرۆید بە تەشەنەپێدان ناوزەدی دەکات، لە بنەڕەتدا دیاری سروشتە. لەگەڵیدا لەدایک دەبیت. هەندێک هەیانە و هەندێک نییانە. ئەگەرنا جیهان بڕووخایە بەسەر هونەرمەنددا دەڕووخا. بیر لەوە بکەنەوە کە خەڵک چەندە لە هەوڵی ئەوەدا دەبوو تەشەنە بەخۆی بدات، بەڵام زۆرینەی زۆری ئەو خەڵکە لە ڕاستیدا عەقڵیان لەدەستدەدەن. ناسیاوێکم جارێک باسی هاوڕێیەکی بۆ کردم. ئەو هاوڕێیە ناوی ماریۆ بوو و ئەم خانمە ناسیاوەی منی خۆشدەویست، بەڵام کاتێک ویستبووی سێکسی لەگەڵدا بکات، شکستی خواردبوو. لەو کاتەدا وەک چۆن لەگەڵ مرۆڤێکدا قسە دەکەیت، بەو جۆرە لەگەڵ ئەندامەکەی خۆیدا قسەی کردبوو: بۆچی شتی وا دەکەیت؟ بۆچی دەبێت ئابڕووم بەریت؟ ئیدی لە خۆی و لە ژیانی سێکسی دوو بەشی دروست کردبوو. ئەوەی ئیلهامی دامێ ئەو ڕۆمانە بنووسم. سەرەتا ویستم قەزیەیەکی کلینیکی لێ دروست بکەم، کتێبێک وەک (دکتۆر جیکڵ و مسەر هاید)، پاشان بە ستایلێکی کۆمیدی نووسیم. پێتان وایە سەرکەوتوو بووم؟

*پێموایە لە هەندێک شوێندا مرۆڤ باش دەبزوێنێت.

-ئاوا؟

*بۆم هەیە لێی بخوێنمەوە؟

-تکا دەکەم!

***(گەورە، ڕەپ، هەڵئاوساو بە فشاری خوێن، وەک درەختێکی تەنها لە پێدەشتێکی ژێر ئاسمانێکی قوڵ و گەرمدا، بە ستوونی لە جەستەمەوە بڵند دەبێت و سەرچەفەکە قەوس دەکات.)**

- بەڵێ، بەڵام خۆ کۆمیدییە. بەڕای من ئەدەبی ئیرۆتیکی، گەر هونەری تیادا بنوێنیت، دەبێت کۆمیدی بێت. کتێبی پۆرنۆگرافی مرۆڤ ماندوو دەکەن چونکە هێند بە جدی لە سێکس دەڕوانن.




*ئێوە چەند جارێک لەسەر پۆرنۆگرافیا سکاڵاتان لەسەر تۆمار کراوە. ناوی ئێوە لەسەر لیستی کتێبە قەدەغە کراوەکانی ڤاتیکانە.

- دەبێت لەگەڵ ئەوەدا بژیم. یاسایەک لە ئیتاڵیا هەیە دەڵێت، هەر کتێبێک هەستی شەرەفمەندی هاوڵاتیان بریندار بکات، پۆرنۆگرافییە. هێندە هەیە هەستی ئابڕ و شەرەف لە لۆمباردیی شتێکی تەواو جیاوازە وەک لە سیسیلیا. بۆیە ئەو یاسایە گەوجێتییە. سەیرکەن، دوو جۆر لە کتێب هەن کە لەسەر سێکس دەڕۆن. (fanny hill) هەیە، حیکایەتی سۆزانییەک، لەویادا مەسەلە سێکسە و بەس، پاشان کتێبی دیکەش هەن کە تیایاندا سێکس شتێکە کە لە ئەدەبدا پێی دەگوترێت مێتافەر. لەویادا باسی سێکس دەکرێت بەڵام سێکس وەک سیمبۆلی هەندێک هەڵسووکەوتی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. لە (من و ئەو) دا ویستوومە باسی پیاوێک بکەم کە لەبەر پەروەدە مەسیحییەکەی دژ بە غەریزەی خۆی دەجەنگێت. ئەوە شتێکی نوێ نییە. شتێکە خاوەنی مێژووە. سێکس لە مۆراڵی مەسیحییەتدا لەوەتەی هەیە وەک شتێکی خەراپ و بەد تەماشا دەکرێت، وەک شەیتان ... بەڵام با دواهەمین کتێبم ئەوە ڕووون بکاتەوە، کە لە ئەڵمانیا لەژێر ناونیشانی (دێسیدێریا) بڵاو بووەتەوە، کارێکی بێ مانا لێرەدا کراوە، چونکە دەبایە بە وەرگێڕانی وشە ئەم مانایەی ببەخشیایە: ژیانی ناخ. لەو کتێبەدا باس باسی سێکسە، بە کۆم، بە دەم، بەڵام کتێبێک نییە لەسەر زانستی سێکس، بەڵکو سێکس بە کاردەهێنێت بۆ کاراکتەریزە کردن، هەروەک چۆن مرۆڤێکی هەڵئاڵۆزاو بەوە وەسف دەکەیت کە دەنووسیت: جگەرەکێشێکی ئەبەدییە. ئێوە (تیۆفراست) تان خوێندووەتەوە؟ ئەی (کاراکتێرەکان) ی لەبغوییغ؟ وەختی خۆی سیمبۆلی دیکە بۆ کاراکتەریزەکردنی مرۆڤ بەکاردەهێنران، چونکە سێکس تابۆ بوو، شتێک بوو نەدەکرا بخرێتە سەر کاغەز. لە فرۆیدەوە سێکس هەڵسوکەوتێکە وەک هەر هەڵسوکەوتێکی دیکە، وەک

خواردن، خواردنەوە، یاخود چوون بۆ سینەما ...

***ئایا ئێوە دەتانەوێت لەرێی کارەکانتانەوە بگەن بە نەمری؟**

- نەخێر، چونکە هیچ شتێک نەمر نییە. سێ هەزار ساڵی دیکە زمانی ئیتاڵی بوونی نامێنێت، هەروەها نە فەرەنسی و نە ئینگلیزی و نە ئەڵمانیش. زەمەنی کۆتایی زمانەکان سەرهەڵدەدات. نەمری هەمیشە خواستی مرۆڤە زۆر سەرەتاییەکان بووە. جەنگیان هەڵگیرساندووە و پەیکەریان دروست کردووە. ڕەنگە هیتلەر زۆر لەوە نەمرتر بێت کە من دەتوانم هەرگیز ببم، یاخود نێرۆ، کە دایکی خۆی کوشتووە.

***ئایا بە چی جۆرە سێکسێک هیتلەر کاراکتەریزە دەکەیت؟**

-نازانم. بەڵام ئەوەی ناپۆلیۆن زانراوە کە کێری زۆر چکۆلانە بووە. ڕاپۆرتێکی پزیشکی دکتۆرەکەی هەیە تیادا هاتووە کە کێری بچکۆلەتر بووە لە کێری منداڵێک، ئەوە شتێکە من سەرسام دەکات چونکە کاتێک ناپۆلیۆن لە گرینۆبل بۆ یەکەمین جار لەگەڵ ماری لویس بە تەنها بووە، دەستبەجێ لاقەی کردووە. لە خۆم دەپرسم ئاخۆ چۆن ئەو کارەی کردووە. ڕەنگە هیتلەر لەڕووی سێکسەوە زۆر برسی نەبووبێت. ئەو خەونی بە مەزنییەوە بینیووە. بەڵام هەرگیز هەستم نەکردووە مەزن بووبێت. ئەو هێزێکی فیزیکی هەبووە، بەڵام مێشکی شتێکی ئەوتۆی تیادا نەبووە. ئەو، چۆنی بڵێم، مەکینەی فڕۆکەیەک بووە لە ئوتومبێلێکی زۆر چکۆلەدا. ئیدی لەو دۆخەدا چی ڕوودەدات؟ هاشەهاش لەپێناوی هیچدا.

***جیاوازی هیتلەر لەگەڵ مۆسوولینیدا چی بووە؟**

-مۆسولینی کەمتر تینوو بووە بە خوێن. ئەو حەزی بە پەیوەندی کردووە لەگەڵ مرۆڤەکاندا. بەڵام ئەویش مەزن نەبووە. لەم سەدەیەدا ئەو پیاوانە زۆر بوون کە پێیوان وابووە جیهان دەبێت بگۆڕدرێت. حەقە سیاسەتمەدار ئەرکی خۆی لەوەدا سنووردار بکات کە جیهان ڕێکبخات، هونەرمەندیش جیهان نمایش بکات، زاناش لێی بکۆڵێتەوە.

***ئێوە کام پارت هەڵدەبژێرن؟**

- کۆمەنیستەکان.

***نا، شتی وا ناکەن!**

- بەخێر! دەزانن بۆچی؟ پێتان دەڵێم وەڵامم بۆ ئێدوارد کەنەدی چی دەبێت. ئەو لێی پرسیم، ئا خۆ پێگەی سیاسیم لەکوێدایە. من وتم: چەپ. پرسی: کێ هەڵدەبژێریت؟ منیش وتم: کۆمەنیستەکان. ئەو لەوە تێنەدەگەیشت. ئیدی منیش بۆم ڕوونکردەوە و پێم گوت لە ڕۆژی ئەمڕۆدا زۆر خەڵک هەن کۆمەنیستەکان هەڵدەبژێرن ئەگەرچی چەپڕەویش نین. بەرژەوەندییە سیاسییەکانی من هەمیشە پەیوەست بوون بە واقیعەوە. من تیۆری خواز نیم، هەوڵی کردار دەدەم. کە ساڵی ١٩٣٤ لە پاریسەوە بەرەو ڕۆما ڕۆیشتم، چەند ئەنتی فاشیستێکی فەرەنسی داوایان لێکردم نامەیەک لەگەڵ خۆم بەرم. پرسیم: مەترسی هەیە؟ پێیوان گوتم: بەڵێ، ڕێی تێدەچێت دەستگیر بکرێیت. ئیدی سوک و ئاسان نامەکەم برد، هەروەک پیاوی ناو چیرۆکی (نامە دزراوەکەی) ئێدگار ئالان پۆ. نامەکەم خستە ناو گیرفانی مانتۆکەمەوە و مانتۆکەشم لەپێش فارغۆنی نووستنەکەی خۆمدا هەڵواسی، بە چەشنێک کە جوان دیار بێت. کاتێک پۆلیس هات، کون بە کون گەڕا، بەڵام ناو مانتۆکە نەگەڕا. جارێکی دیکە، ساڵی ١٩٣٦ نەخشەیەکی جەنگم لە هۆنگکۆنگەوە بۆ کانتۆن برد، پلانی مۆسوولینی بوو بۆ داگیرکردنی تایوان. من هەمیشە پیاوێکی عەمەلیی بووم. پارتی کۆمەنیستی ئیتالی لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا تاکە پارتی ڕیفۆرمە کە ئێمە هەمانە. بۆیە هەڵیدەبژێرم.

***ئەی ناترسن کۆمەنیستەکان، گەر هاتنە سەر دەسەڵات، سەروەت و سامانەکەت لێ بستێنن؟**

-ڕاستگۆیانە قسە دەکەم: نازانم. ڕەنگە وا بکەن. بەڵام زۆریشم پێ ناخۆش نابێت. تاکە شتی کە من پێویستمە، مێزێک و ژوورێکە. هونەرمەندان بێ ئەرکن. زۆرینەی خەڵکانی ڕۆشنبیر و بە فەرهەنگ بێ دەرامەتن.

دەوڵەمەندەکان زۆر بە فەرهەنگ نین. من زیاتر چارەی خەڵکانی فەقیر و ڕۆشنبیرم دەوێت. ستێندالّ وتوویەتی: ئەوەی ئێجگار فەقیر بێت، هەمیشە بیر لە پارە دەکاتەوە، ئەوەشی زۆر دەوڵەمەند بێت، هەمان شت.

*ئێوە سەر بە گرووپی دووهەمیانن.

-من تەمەنم حەفتا و دوو ساڵە. تەمەنێکی زۆر خۆشە.  نوسەر هەن، لە تەمەنی گەنجیدا لە ئێستای من دەوڵەمەندتر بوون. پغووست خاوەنی پشکی کەشتی بوو، تۆلستۆی هەر لە زگی دایکییەوە دەوڵەمەند بوو. تورگێنجێڤ خاوەن زەوی بوو. مانتسۆنی لۆرد بوو. تۆماس مان لە هەموو ژیانیدا کێشەی پارەی نەبووە. ئێوە نازانن بە گەنجی بارودۆخم چەند خراپ بوو. ژیانم پڕ بوو لە ناڵە و نەگبەتی هەتا تەمەنی چل ساڵی. پاشانی ژیانێکی دیکە دەستی پێ کرد کە لەڕووی داراییەوە زۆر باش بوو. بەڵام هەتا ئەو کات پارچەیەک بوو کارەسات. لە تەمەنی گەنجیدا تەنها ئازار بەشی من بوو. گەر من لێرەدا ئەوەت بە بزەیەکەوە بۆ بگێڕمەوە، تەنها لەبەرئەوەیە کە ئەو زەمەنە ڕۆیشت. ڕابردوو ڕابردووە. من لە تەمەنی نۆ ساڵیمەوە بە دەست نەخۆشی سیلی ئێسکەوە دەمناڵاند. چەندین ساڵ لەسەر جێ کەوتم، چونکە کەمترین جووڵە ئازاری دەدام. ئیدی نەمدەتوانی هەستم. وەخت بوو بمرم.

نەتاندەتوانی بنووسن.

مۆرافیا: نەخێر.

تەنها بیرکردنەوە.

- بەڵێ، بەڵام بیرکردنەوە واتای چی؟ بیرکردنەوەی تەنها کاتێک مانای هەیە گەر مرۆڤ هەلی بۆ بڕەخسێت دەریببڕێت. بەوەدا کە من سەرلەبەر بەند بووم، ئەوا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نەدەبوو. بیرکردنەوە بەبێ دەربڕین، شتی وا نابێت.

*مرۆڤ شێت دەبێت.

- بەڵێ، بۆیە خۆم لە بیرکردنەوە لادەدا، بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆم.

**من هەمیشە درۆزنێکی سەرسوڕهێنەر بووم. گوێم لە تۆنێك دەبێت، ئەو تۆنەی کەپێی دەڵێن ئیلهام، ئیدی دەست بە نوسین دەکەم. من پغووست نیم. ئەو کەمێکی هەڵدەبەست. ئەو بەسەرهاتەکانی خۆی دەنووسی. منیش دەتوانم زۆر باش بژیم بەبێ نوسین. نوسین کارێکی ئاسان نییە.**



فیکەم لێدەدا، گوێم بۆ ئەو دەنگانە ڕادەگرت کە لە دەرەوەوە دەهاتن. مرۆڤ دەتوانێت خۆی هیپنۆتیزەی ناو جیهانێکی بێ بیرکردنەوە بکات. ئەو کات ئامادەگیت نامێنێت، کول دەبیت. فێر بوو بووم خۆم لە واقع جوودا بکەمەوە. ئەوەم هێشتا لە تواناداا ماوە. شتێک هەیە دەیکوژێنمەوە. ئیدی بیر لە هیچ ناکەمەوە و هەست بە هیچ ناکەم.

***لە ڕۆمانی (Noia) دا کە کاری سەرەکیتانە، وەسفی ئەو (کول) ییە دەکەن. وێنەکێشێک لە ماوەی چرکەیەکدا هەموو هەستێکی خۆی بۆ واقع لەدەست دەدات. تابلۆکەی بەردەستی خۆی دەشێوێنێت و بە سکرینێکی بەتاڵ جێگاکەی پڕ دەکاتەوە.**

- بەڵێ، بەڵام من وێنەکێش نیم. نامەی کاندینسکیم خوێندووەتەوە، تیایاندا نووسیوویەتی، باشترین تابلۆ سکرینێکی سپییە. لەوەوە هاتمە سەر فکری ئەو ڕۆمانە. ئەوە شتێکی داهێنراوە و هیچ دیکە. من هەمیشە درۆزنێکی سەرسوڕهێنەر بووم. گوێم لە تۆنێک دەبێت، ئەو تۆنەی کەپێی دەڵێن ئیلهام، ئیدی دەست بە نوسین دەکەم. من پغووست نیم. ئەو کەمێکی هەڵدەبەست. ئەو بەسەرهاتەکانی خۆی دەنووسی. منیش دەتوانم زۆر باش بژیم بەبێ نوسین. نوسین کارێکی ئاسان نییە. نەخۆشت دەخات. من کاتێک بەیانیان زوو چاڵ هەڵدەهێنم، لە دۆخێکدام کە ئەسڵەن نامەوێت چیدیکە لە ژیاندا بم. بەڵام هەڵدەستم، دووشێک دەکەم و ڕیش دەتاشم، دەچمە مەتبەخ، چایەک لێ دەنێم، سەموونێک بە هەنگوینەوە دەخۆم، قاوەیەک دروست دەکەم، سەرەتا چا، پاشان قاوەیەک، ئیدی هەتا کاتژمێر دوانزە دەنووسم، لەپاش دوانزەوە هیچ ناکەم هەتا ڕۆژ کۆتایی دێت. نوسین بووە بە خووم. نیوە سەدەیەک دەبێت من نوسەرم. کە یەکەم ڕۆمانم نووسی تەمەنم لە دەوری نۆزەدا ساڵاندا بوو. من کە دەڵێم دەنووسم، وەک ئەوە وایە یەکێکی دیکە بڵێت: دەڕۆم پیاسەیەک دەکەم. دادەنیشم و کاغەزێک دەکەمە ناو ئامێری پیتنووسەکەوە و دەستپێدەکەم. سووک و ئاسان.

***عاشق هان دەدات بۆ نوسین؟**

-نەخێر، بە پێچەوانەوە، وزەت لێ دەبڕێت. بەڵام یاری کاغەز یاخود پێشبرکێی ئەسپیش هێندەی ئەو مەترسیدارن. من لە ژیانمدا چەند مغامەرەیەکم بینیوە، بەڵام گرنگ نەبوون. دەچیت بۆ هۆتێلێک، بە مەسعەدەکە بەرەو دواهەمین نهۆم سەردەکەویت و پاشان دێیتەوە خوارەوە. گەر هێز و گوڕ باقی بێت، پیاو دەتوانێت دنیایەک ژن تاقیبکاتەوە، بەڵام تەنها کەمێکیانی خۆشدەوێت. نوسەرێکی باش هەردووکیانە، پیاویشە و ژنیشە. فلۆبێغ وای وتووە، وتوویەتی: من مادام بۆڤاغیم. تاوەکو نوسەرێکی باش بیت دەبێت شیزۆفرێنیت هەبێت. جۆیس خۆی بە بلوم شووناس دەکرد، بەڵام ئەو بلوم نەبوو، ئەو شاعیرێکی مەزن بوو.

سارتەر لە نوسینێکیدا دەڵێت، سێکسی فلۆبێغ تەنها بریتی بووە لە دەسپەڕ.

-بەڵێ، بەڵام قەیدی چییە. ئەو خەیاڵی زۆر بەهێز بووە. ئەوە لای مرۆڤە هونەرمەندەکان شتێکی تەواو ئاساییە. دەسپەڕ تاکە کرداری سێکسییە کە پەیوەندی بە کلتورەوە هەیە، چونکە تەواو لە خەیاڵەوە هەڵدەقوڵێت. کلایستیش دەسپەڕی هەڵداوە، هیچ کێشەیەکتان لەگەڵ ئەوەدا هەیە؟

***نەخێر، هیچ کێشەیەکم نییە.**

- هەر کەس با ئەوە بکات کە خۆی ئارەزووی لێیەتی. بە جۆرێک لە جۆرەکان من دژی هیچ شتێک نیم و لەگەڵ هەموو شتێکیشدام. ڕێگاکان زۆرن بەرەو مرۆڤ بوون ... یاخود کرم بوون.

**تێبینی:**

**ئەم چاوپێکەوتنە مانگی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٨٠ بڵاوبووەتەوە.**


پەنجەرەی
باران




**ناوی کتێب یۆتۆپیا (چاپی یەکەم 2015)**

**نووسەر: تۆماس مۆر**

**وەرگێڕ: پێشەوا فەتاح**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**

**قەبارە: 162 لاپەڕە**

«هاوشێوەی پەیڕەوی ئاینیی لە دوورگەکەدا، هەموو شتەکانی دیکەش ملکەچی عەقڵن».

-»یۆتۆپیا لای تۆماس مۆر، خۆی وابەستە کردووە بە پڕۆسەیەکی ڕادیکاڵ دیموکراسییەوە».

یۆتۆپیا چی وەک چەمک، چی وەک بیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتی، ڕێبازێکی دیار و بەرچاوی هزریی ئەوروپا و جیهان بووە. یۆتۆپیا بەرهەمی بیرکردنەوەی ڕزگاریخوازانەی مرۆڤە بۆ هەڵهاتن لە هەموو کۆتوبەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕازینەبوونی مرۆڤە بەو سنوورانەی ژیانکردن کە بەسەریدا سەپێندراون. تۆماس مۆر لەم ڕۆمانەدا تا دواڕادە توانا یۆتۆپییەکانی خۆی خستۆتەگەڕ و بەرهەمێکی لەم جۆرەی نووسیوە. یۆتۆپیا لە دوو بەشی جیاواز پێکهاتووە، بەشی یەکەم یەکتربینینی نووسەری کتێبەکە، واتە تۆماس مۆر، لەگەڵ دەریاوانێکی پرتوگالیی دەگێڕێتەوە، کە دواتر دەریاوانەکە دوورگەیەک دەدۆزێتەوە و چیرۆکەکە درێژە دەکێشێت، بەڵام لە بەشی دووەمدا دەریاوانەکە باس لەو سەرنج و تێبینیانە دەکات کە لە دوورگەکەدا تۆماریکردوون و کۆیکردونەتەوە. ئەم کتێبە شیکار و ڕاڤەی یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆرە.

لە ڕاستیدا دوورگەکە، یاخود با بڵێین بابەتی یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر وڵاتێکی ئەندێشەکراوە، کێ دەزانێت ڕەنگە هەمان دورگەی بەریتانیا بێت! بەڵام لەم دوورگە خەیاڵکراوەدا مرۆڤەکان تۆزی نایەکسانییان لەخۆیان تەکاندووە و هەموو ئەو گرفتانەی لە وڵاتەکەی خۆیان بەدەستییەوە دەناڵێنن لەوێدا دەبنە شتێکی نامۆ و نەبوو. دواجار ئەم هەوڵەی مۆر تەنها نیشاندانێکی خەیاڵیی بێ ناوەڕۆک نییە، بەڵکو گوزارشتە لەو نەهامەتییانەی لە شوێن و زەمەنی مۆردا بڵاوبووە، دواجار ڕەخنەیەکی شێلگیرانەشە لە دەسەڵاتداران و پیاندەڵێت ئێوە دۆزەخێکتان خولقاندووە، هەربۆیە ئێمە بەدوای بەهەشتێکدا دەگەڕێین.

ئەم تێکستەی تۆماس مۆر گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام دواتر لەلایەن ڕێبازی سۆسیالیزمی زانستییەوە، بەتایبەت لەلایەن خودی مارکس و ئەنگڵسەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت، ئەوان پێیانوایە نابێت مرۆڤ ئەوەی دەیەوێت بەدەستیبهێنێت لە خەیاڵ و نەبوودا بەدوایدا بگەڕێت، بەڵکو دەبێت لەسەر زەمینەی واقیع بەدەستیبهێنێت.




**ناوی کتێب: ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم (چاپی یەکەم 2016)**

**نووسینی: ئازەر نەفیسی**

**وەرگێڕانی: ساراڵ فەهمی و هێمن تاهیر**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**

**قەبارە: 360 لاپەڕە**

-«زۆربەی پیاوان تەنها لەپێناو ئەوەی دڵدارێکیان هەبێت خیانەت لە ژنەکانیان دەکەن، بەڵام باوکم بەهیوای ژیانێکی خێزانیی شادتر ئەم ڕەفتارەی بەرامبەر دایکم نواند».

دەزگای ئایدیا بەگرنگی زانی زنجیرە کتێبێک لەسەر ئەزموونی ژن لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا چاپبکات، بۆئەوەی هۆشیارییەکی ڕاستەقینە سەبارەت دیوی ناوەوە کێشەکان و ڕێگاکانی سەرکەوتنی ژنان بخاتە بەردەم خوێنەران و ژنانی کورد. ئەم کتێبە کە یەکێکە لەو زنجیرەیە، لەلایەن خانمە نووسەری ئێرانی (ئازەر نەفیسی)یەوە نووسراوە، بەشی زۆری کتێبەکە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خێزانێکی خانەدان و ناوداری ئێرانییە، باس لە هۆکارە زۆر وردەکانی سەرهەڵدانی کیشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەم خێزانە دەکات، هاوکات نووسەر، بەهۆی ئەوەی باوکی یەکێک بووە لە کەسە ناودارە سیاسییەکانی ئێران و چەندین ساڵ لە پۆستە باڵاکانی شاری تاراندا کاریکردووە، لە نزیکەوە ئاگاداری ململانێ سیاسییەکانی وڵاتەکەش بووە، هەم لە سەردەمی حکومەتی شاهانە، هەم لە سەردەمی دوای شۆرشی گەلانی ئێران. هاوکات بە وردی ڕووداوەکانی ڕۆژانی شۆڕشی ئێران و ڕەوتی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامییەکانەوە شیدەکاتەوە.




**ناوی کتێب: دەنگە زیندووەکان**

**ئەو ژنانەی جیهانیان گۆڕی**

**نووسەر: ئەلیس نیلسۆن**

**ساڵی چاپ: 2017**

**233 لاپەڕە**

لە سەردەمێکدا کە هێشتا ژنان لە مافەکانی خۆیان بێبەشن و شکۆ و کەرامەتیان دەشکێندرێت و دەمیان دادەخرێت، هەر دەبێت گوێمان لە هاوەرەکانیان بێت و بوارێک بیننەوە بۆ دانانی سنوورێک بۆ چەوساندنەوەیان. لێرەوەیە کە چەندین هەوڵی زۆر دراون، بۆئەوەی پرسی ژن بخرێتە ژێر ڕۆشناییەوە، یەکێک لەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دراوە لەلایەن دامەزراوەی «دەنگە زیندووەکان»ەوە بووە، وەک یەکێک لە دیارترین ئەو قەوارانەی بڕیاریداوە ببێتە ڕوانگەیەک بۆ هەموو گیروگرفتەکانی ژنان و سەرجەم تەنگەژە و قەیرانەکان. هەر لە چەوساندنەوە و ئیستغلالکردنی سێکسیی ژنە فلیپینییەکانەوە لە ژاپۆن لەژێر ناو هونەردا بۆ خەباتی ژنانی ئەفغانی بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، لەوێشەوە بۆ خەباتی بەردەوامی ژنان لە چەندین دەوڵەتدا لەپێناو گۆڕانکاریی لەو یاسایانەی لێکدژن لەگەڵ مافەکانیدا و لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی کەم دەکەنەوە. لەم کتێبەدا نووسەر بەناو گەشتێکی نایابدا دەمانبات بۆ ئاشکراکردنی هەنگاوە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی دامەزراوەی «دەنگە زیندووەکان»، هەتاوەکو ئاشنا ببین بە چیرۆکە ئازاربەخشەکانی ئەو کارەکتەرانەی ئامرازێکی هەرە بەهێزبوون بۆ پاڵنان بە ڕێکخراوە حکومیی و ناحکومییەکانەوە بەرەو گرتنەبەری ڕێوشوێنی لەبار کە بتوانێت ڕۆڵی ژن بەهێز بکات و بەرەو هەموو ئاستە باڵاکان هەنگاوبنێت.

(ئەلیس نیلسۆن): سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی «دەنگە زیندووەکان»ە. بەشداربووە لە دروستکردنی دامەزراوەکە و ماوەی 15 ساڵ کاری تێداکردووە، هەتاوەکو ساڵی 2009 سەرۆکایەتیی دامەزراوەکەی وەرگرتووە. لەگەڵ سەرکردە ژنەکانی دیکەدا هاریکار بووە لە دانانی پرۆگرامێکی ڕاهێنان و گرێدانی کۆڕبەندی نێودەوڵەتی لە زیاتر لە 140 وڵاتدا. لەژێر سایەی سەرکردایەتیی ئەمدا قەبارەی دامەزراوەکە سێ هێندە زیادیکرد، چوارچێوە جیهانییەکەشی فراوان بوو تا گەیشت بە تۆڕێکی وەها کە زیاتر لە 12 هەزار سەرکردەی ژنی لە 144 وڵاتەوە لەخۆگرتووە.




ناوی کتێب: زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە

ناوی نوسەر: ڕەسوڵ یۆنان

بابەت: ڕۆمان

وەرگێران: جەبار سابیر

بڵاوکراوە: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

ڕانانی: شاخەوان سدیق

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی سادە باسکردن و گێڕانەوەی ژیانی خێزانێکی چوارکەسیە، لە گوندێکدا، بەناوی ئاوایی(مەرجان) کە لە (دایك و باوك و کچێك و دایەگەورە)یان، پێکەاتوە، باوکە کە ناوی (ڕەجەبەو دایکەکە ناوی جەمیلە و کچەکەش ناوی لەیلایە) ئەم خێزانە وەك هەموو خێزانەکانی تری گوندەکە لە ژیانێکی سادەو ئاسایدا بەدڵخۆشیەوە ژیان بەسەردەبەن، تا ئەو کاتەی کە (لەیلا) ڕۆژێك لە کاتی گەڕانەوەی لە ئاوەێنان لە کانی گوندەکەیان، بە ڕێکەوت چاوی بە پیاوێکی غەریبی شۆفێری ترێلەیەك دەکەوێت، بەناوی (ئیبراهیم) پاش ئەوەی کابرا داوای ئاو لە(لەیلا) دەکات، هەندێك گفتوگۆ دەکەن و هەر لەو ساتە بەدواوە، هەردوکیان عاشقی یەکتردەبن، لە دواترداو پاش چەندینجار لە یەکتر بینینەوە، ئەو عەشقە گەورەترو قوڵتر دەبێت، دوای بەردەوام بوونی ڕوداوەکان، بەهۆی جوانی و سەرنجراکێشانی گەنجانی گوند، لەیلا ڕۆژانە دڵخوازو داواکاری تا دێت زۆرتردەبێت و چەندین گەنج عەشقی خۆیانی بۆ بەیان دەکەن، بەڵام (لەیلا) داوای هەمویان ڕەتدەکاتەوەو بەهیچیان ڕازینابێت، پاش بەردەوام بوونی یەکتربینینەکانی (ئیبراهیم و لەیلا) دەفتانە بە نهێنی، و بینینیان لە لایان (بولودی) کەڕوڵاڵەوەو پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە لە ئاوایدا، ئیتر باوکی لەیلا زۆر نیگەراندەبێت و لەیلا ناچاردەبێت، لەگەڵ (ئیبراهیم) ی خۆشەویستیدا هەڵبێت، پاش ئەوەی دەچنە شارێکی سەر سنوری، لەوێ‌هاوسەر گیری دەکەن و ماڵێك پێکەوە بنیاتدەنێن، لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا، ئیبراهیم لە بەرامبەر گواستنەوەی بارێکدا بە پارەیەکی زۆر ناچارە سەفەرێکی هەفتەیی بکات، لەیلا بێئاگا لەوەی کە هاوسەرەکەی ئەوە دواجار دەبێت دەڕوات و ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە، ئەم ەەواڵەش لە زاری (موراد)ی ەاوڕێی (ئیبراهیم)ەوە، دەگات بە لەیلا، کە دواتر ئەم (مورادە) چاوی تەماع لە (لەیلا) دەبڕێت و ناپاکی لە هاوڕێکەی دەکات، (لەیلا) لە درێژەی ئەم چیرۆکەدا توشی زۆر ڕوداوی ناخۆش دەبێت، کوڕانی گوند بەهۆی زراندنی ناوی گوندەکەیانەوە بڕیاردەدەن بچنە شاربۆ سۆراغی، ئەوسا بەدیتنەوەی یان بیکوژن یان بیبەنەوە




ناوی کتێب: هاوڕێ نیگارکێشەکەم

ناوی نوسەر: لینگا بۆینگە

بابەت: نۆڤلێت

قەبارە: (77) لاپەڕە

وەگێرانی لە سویدیەوە: هیوا قادر

ڕانانی: شاخەوان سدیق

(هاوڕێ نیگارکێشەکەم) خۆی وەك بەشێك لە ئەدەبی منداڵان ئەژمارکراوەو لە ساڵی (2004) نوسەرەکەی خەڵاتی (ئەسترید لینگرێت) پێبەخشراوە، بەرەەمەکانی ئەم نوسەرە سەربە کلتوری واقیعی سیحری ئەدەبی ئەمریکای لاتینە. شێوازی نوسینەکانی وا لە خوێنەردەکات، کە لەگەڵ ڕوداوەکانیدا بڕوات‌و ببێتە بەشێك لە پاڵەوانەکانی. ئەم نۆڤلێتە بە زمانێکی سادەو بە دەربڕینێکی قووڵکاری تیاکراوە بە جۆرێك کە بۆ منداڵێك‌و گەورەیەکیش خوێنەوەی ئاسان بێت.  نوسەر خۆی لە چاوپێکەوتنیکدا دەڵێت « من خۆم وەك کەسێك دەبینم کە زۆر شەیداو عاشقی ئەدەبی منداڵانم، بەڵام من بۆ کە سێکی تایبەت یان بۆ تەمەنێکی تایبەت نانوسم کە تەمەنی دەساڵ یان سی ساڵ یان چل ساڵبێت، بۆئەوەی کتێبەکانم بخوێنێتەوە، خوێنەرەکانی من لە هەموو قۆناغەکانی تەمەندان». نوڤلیتی هاوڕێی نیگارکێشەکەم یەکێکە لەو بەرەەمانەی، کە مرۆڤ لەگەڵ خوێنەوەیدا ڕوبەڕووی چەندین پرسیاری سادە، بەڵام گرنگ دەبێتەوە کە دەشێت بەشێك بێت لە ژیانی ڕۆژانەی هەمووومان. سەرەتا چیرۆکەکانی ئەم کارە لە ڕۆژی هەینیەوە دەستپێدەکات‌و لە یەکەم دێڕی دەسپێکەکەدا ڕوبەڕوی ئەو پرسیارەت دەکاتەوە. کە ئایا هەرگیز تۆ سەیری ڕەنگەکانی چواردەورتەکەی؟ ئەی ئەم ڕەنگانە هیچ شتێك لە کەسایەتی تۆ دادەگۆڕن؟ چونکە ڕەنگەکان بۆخۆیان خاوەنی تایبەتمەندین‌و هەریەکەیان ئامرزو خوێنەوەی خۆیان هەیە. چیرۆکەکە باسکردنە لە هاوڕێەتی دوو کەس کە یەکێکیان کەسی ڕاوی چیرۆکەکەیە کە بەخوێنەوەی چیرۆکەکە باس لە پەیوەندی خۆی‌و هاوڕێ نیگارکێشەکەی دەکات، کە جیاوازییەکی زۆری تەمەن لە نێوانیاندا هەیە. لێرەدا بەبڕوای من نوسەر مەبەستێکی گەورەی هەیە لە هەڵبژاردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان ئەم دوو کەسە جیاوازەداو بەکارەێنانی هونەر، بەتایبەت هونەری وێنەکێشان وەك ئامڕزێك بۆ گرێدان‌و کۆکردنەوەی ئەم دوو کە سایەتیە ئەویش ڕەخنەگرتنە لەکۆمەڵگەو دەسەڵات وەك دوو تەواوکەری گرنگ‌و بڕیاردەر لە ژیانی تاك دا. نوسەری ئەم بەرەەمە هەمیشە لە ڕێگای دنیای منداڵانەوە جەدەلێك لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگادا دروستدەکات. نوسەر لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی بەرەەمەکانی لە دەست سانسۆرکردن ڕزگاریان بووە، دەڵێت» ئاخر کەس بڕوا ناکات لە چیرۆکی منداڵاندا من باسی کێشە کۆمەڵایەتیەکان‌و چەوسانەوەی ئینسان بکەم، کتێبەکانی من لە سانسۆر ڕزگاریان دەبێت، چونکە جەنراڵەکان کتێبی منالان ناخوێنەوە.




**ناوی کتێب: بزاڤی تازەگەری لە شیعری کوردییدا**

**نووسەر: د. سرور عبدالله**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**

**قەبارە: 322 لاپەڕە**

**ڕانانی: نیاز کەمال**

ئەم کتێبە یەکێکە لە تێزە ئەکادیمییەکانی تایبەت بە هونەری شیعری کوردی، کە تێیدا نووسەر هەوڵیداوە پانۆرامەیەکی چڕ سەبارەت بە دەرکەوتنی بزاڤی تازەگەری لەناو شیعری کوردیدا بخاتەڕوو، هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا چارەکی کۆتایی هەمان سەدە. سەرەتا نووسەر چاوێکی بە ڕەوتی شیعریدا خشاندووە لەپێش قۆناغی تازەگەرییدا، پاشان لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا چەند وێستگەیەکی لێرە و لەوێ و پەرش و بڵاوی سەبارەت بە دەرکەوتنی ئەم بزاڤە خستۆتەڕوو، پاشان دەربارەی گرنگی ئەم قۆناغە وەک دەروازەیەک بۆ قۆناغە سەرەکییەکانی تازگەری نووسیوەیەتی. تا ئێرە لەلایەن توێژەرەوە وەک قۆناغێکی ئەم بزاڤە گشتییە دانراوە، بەڵام ساڵانی نێوان (1921-1931) بە قۆناغی دووەم و قۆناغە سەرەکییەکەی ئەم بزاڤە دانراوە. دواتر شاعیرێکی وەک (عەبدوڵڵا گۆران) وەرگیراوە و لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی کراوە لە دەیەکانی 30 بۆ 60ی سەدەی بیست، لەگەڵ بەدەرخستنی خەسلەت و ئەدگارەکانی شیعری ئەو شاعیرە و پەیوەست بە تازەگەرییەوە.

پاشان نووسەر قۆناغێکی دیکە لە تازەگەریی شیعری کوردییدا دیاریدەکات، ئەویش ساڵانی (1969-1983)یە، لەم قۆناغەکانی ڕیشەکان و فاکتەرەکانی تازەگەریی لەناو شیعری کوردییدا دەرخراوە، پاشان دواتر باس لە ەژموونی ڕێبازی ڕۆمانتیکی کراوە، پاشان وەک نموونە چەند شاعیرێک وەرگیراوە و لێکۆڵینەوە لە سیماکانی تازگەریی لە شیعرەکانیاندا کراوە، لەوانە (لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزا کەریم، عەبدوڵڵا پەشێو). یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاوەستانە لەسەر گروپی شیعریی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی باشوور و نیشاندانی سیما و خەسڵەتی هەریەکێک لە شیعری ئەو ناوچانە.




**ناوی کتێب: چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی**

**نووسەر: یوسف ئەحمەد مەنتک**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**

**قەبارە: 90 لاپەڕە**

**ڕانانی: زریان رەحیم**

ئەم نامیلکەیە لە چوارچێوەی یەکێک لە پرۆژەکانی دەزگای ئایدیادایە بە ناوی «بۆڵتن». نامیلکەکە لە چەندین بەش پێکهاتووە، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێو هەموو بابەتەکان بریتییە لە ئەدەبیات و بابەتە ڕۆژنامەوانییە گشتییەکان. ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە ناوەڕۆکی نامیلکەکەدا بخشێنین کۆمەڵێک نووسینی گرنگ دەبینین، سەبارەت بە ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد و ڕیشەی دانیشتوانی کوردستان، سووتاندنی کتێب و سزای نووسەران و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین، هەروەها بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر سوتاندنی کتێب لە وڵاتی چین ڕاوەستاوە، سەردەمی فەرمانڕەوایی فاشیزم، هونەری قسەکردن، هونەری باوەڕپێهێنان و میتۆد، کافکا و شیعر، بەرهەمەکانی کافکا، شیعرەکانی کافکا، کۆمەڵێک کورتە شیعر، چاوخشاندنێک بە بەرهەمەکانی کافکادا، وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی، خەڵاتی ئاشتی، ڕێزمان و وشە لە زمانی کوردییدا، مێژووی داهێنانی کامێرای فۆتۆ، شێرکۆ فەتاح و خەڵاتی هێڵدە-دۆمین بۆ ئەدەب.




**ناوی کتێب: حیکایەتی مرۆڤە ستەملێکراوەکان**

**نووسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**

**قەبارە: 369 لاپەڕە**

**ڕانانی: ئاسان عەبدوڵڵا**

ڕەنگە تائێستا لەناو دونیای ڕۆشنبیریی کوردییدا گرنگییەکی ئەوتۆ بە بابەتی خوێندنەوە بۆ کتێبەکان نەدرابێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە، کە هەتاوەکو ئێستاش وەک بابەتێکی ڕۆژنامەوانیی تەماشادەکرێت، بەڵام لە ڕێگەی ئەم کتێبە گەورەیەوە لەوە تێدەگەین کە خوێندنەوەی کتێبەکان میکانیزمێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆناو دونیای خودی کتێبەکان، بەتایبەت کە گەلێک بارودۆخی خودیی و بابەتیی هەن ڕێگرن لەوەی خوێنەر خۆی دەستی بە هەموو کتێبەکان بگات، یاخود فەزایەکی کولتووریی وەها لەناو پەروەردەی منداڵان و لاواندا نییە تا ئاگاداری هەموو کتێبە چاپکراوەکانی زمانەکەیان بن، لێرەدا گرنگی ئەم جۆرە کتێبانە دەردەکەوێت.

نووسەر خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێت ڕەنگە خوێندەوەیەکی کورت نەتوانێت تینوێتیمان بشکێنێت بۆ کۆی بەرهەمەکە، بەڵام دەتوانێت سەرنجمان ڕابکێشێت بۆ بەدواداچوون و ئاشنابوون بەو کتێبە یان بڵاوکرایەوە، هەربۆیە ئەم هەنگاوەی ئێمەش شتێکی لەو بابەتە و لەو پێناوەدایە، کە ئەگەرچی بە کورتی خوێندەوەمان بۆ کردووە و مافی تەواومان بە ناوەڕۆکی کتێبەکان نەداوە، بەڵام لانی کەم دەتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم کتێبانە ڕابکێشێت، کە خوێندنەوەیان دەتوانێت بە کتێب و نۆڤلێت و ڕۆمانەکان ئاشنابێت. بێگومان ئەم کتێبانەی کە لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو زۆرترینیان ڕۆمان و نۆڤلێتن و بەتایبەتی سەرنجمان لەسەر نووسینەکانی عەتیق ڕەحیمی و جەنگیز ئەتیماتۆڤە.




**ناوی کتێب: شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف**

**نووسەر: یوسف ئەحمەد مەنتک**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**

**قەبارە: 164 لاپەڕە**

**ڕانانی: زریان ڕەحیم**

ناوی ئەم کتێبە لە زمانی سەرەکییدا «ئەفسانەی سیزیف»ە لە نووسینی دەیڤید ئێگین، بۆئەوەی خوێنەر لەگەڵ دەقی (ئەفسانەی سیزیف)ی ئەلبێر کامۆ لێیتێکنەچێت، بۆیە بەباشمان زانی ناوی کتێبەکە بگۆڕم بە «شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف». بە سەرنجدان بە ئاستی هزریی و فەلسەفیی کۆمەڵگەی کوردستان و بە ئاوڕدانەوە لە کتێبخانەی کوردیی و ئاگاداربوون لە کەمپیتبوونی، بە پێویستمان زانی بۆ زۆربەی واتا و زاراوە و ناوەکان پەراوێز دابنرێت و بۆ خوێنەر ئاسانکاریی بکرێت.

یەکێک لە دەقە فکریی و فەلسەفییە گرنگەکانی سەدەی بیستەم، بریتییە لە ئەفسانەی سیزیفی ئەلبێر کامۆ، کە لەگەڵ ئەوەی خۆی لەخۆیدا یەک کتێبی بچوکە، بەڵام ڕەنگە بە دەیان و سەدان کتێبی لەسەر نووسرابێت، لەبەرئەوەی ئەم دەقە بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر خوێندەوەی بۆکراوە و لەلایەن هەموو هزر و ئایدۆلۆژیاکانەوە ڕاڤەی تایبەتی خۆی بۆ کراوە. ئەم کتێبە لەسەر کۆمەڵە چەمکێکی ناو کتێبەکەی کامۆ ڕادەوەستێت، لەوانە پوچیی، خۆکوژیی، ڕزگاریی بێناوەڕۆک، مرۆڤی بێ ناوەڕۆک، خولقاندنی پوچیی، خولقاندنی بێناوەڕۆکیی، پەیوەندیی و کاریگەرییەکانی کافکا لەسەر کامۆ و چەندین بابەتی گرنگی دیکە.




**ناوی کتێب: هونەری شێوەکاری نوێ**

**نووسەر: رامیار مەحمود**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**

**قەبارە: 144 لاپەڕە**

**ڕانانی: کەیوان عومەر**

کتێبی(هونەری شێوەکاری نوێ) لە نوسین و ئامادەکردنی (رامیار مەحمود)ە و دەزگای ئایدیا چاپ و بڵاوی کردوەتەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە خوێندنەوە و گەڕان بەناو کۆمەڵێک کاری هونەریی مۆدێرن و ئایدیا هونەرییە نوێخوازەکان، ئەمە جگە لە خستنەڕووی هزری هونەریی هونەرمەندە شێوەکارە جیهانییەکان. گۆشەنیگای نووسینی ئەم کتێبە لەو خاڵەوە سەرچاوەیگرتووە کە دەکرێت هونەر ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ژیانێکی بەبنبەست گەیشتوو.

ئیمپریشنیزم بە دیاریکراوی لە نیگارکێشاندا، یەکەم بزوتنەوەی هونەری مۆدێرنە، لە پاریس لە 1860کاندا پەرەیپێدرا و دواتر بەناو هەموو ئەوروپادا بڵاوبۆتەوە، پاشان لە ئەمەریکاش. ئەم قوتابخانە هونەرییە ناوەکەی لەیەکێك لە تابلۆکانی (مۆنێت)ەوە (کاریگەری رۆژهەڵاتن) دەرکەوت کە لە ساڵی 1872 تەواویکردووە.

ئیمپریشنیزم ستایلێکە لە هونەری ریپریزەنتاڵ، بەڵام بێئەوەی وێنەکێشان واقعی بێت، ئیمپریشنستەکان بایەخ بە یەکەم دەدەن، کاریگەری روناکی لەسەر چاو و گۆڕانی ئاووهەوا و ڕەنگدانەوەی ئەتمۆسفێرەکە لەسەر کانڤاس. لە رۆژگاری ئەواندا هونەرمەندان شێوەی وێنەکێشانیان کتومت و وردەکاری بوو.

ئمپریشنستەکات رووبەڕووی ەەڕەمیەتی بابەتی هونەری بوونەوە و لاندسکەیپ و ژیانی هاوچەرخیان بۆ هونەر بە گرنگ لە قەڵەمدا. هەروەها لە فلّچەلێداندا هێواشن، کارەکانیان سوکەڵە و پاکە و لەڕووی ڕەنگیشەوە چڕە، وازیان لە ڕوانینی ڕاستەیڵی هێناوە و وازیان لە ڕوونی شێوەش هێناوە، کە لەپێش ئەواندا بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزە زۆر بایەخدارەکان بەکاردەات.

هەر لەم کتێبەدا بە شێوەیەکی ورد باس لە (ئێدوارد مانێت، مۆنێت، جۆزیڤ بۆیس و مارسیل دوشامۆ) و بابەتەکانی ئێکسپریشنیزم و ئیرنست کریشنەر و ڤاسیلی کاندنسکی و ...هتد کراوە.